بنەما لیبراڵییەکانی دروشمی «ژن، ژیان، ئازادی» لە فەلسەفەی ئەجەلاندا!.. 3 ..

سابیر محەمەد

بەشی سێیەم و کۆتایی

فەلسەفەی ئانارکیزم (ئیکۆلۆژیای کۆمەڵایەتی) – مورای بۆکچین (Murray Bookchin)

«ئەم باوەڕەمان وایە کە مارکسیزم بە سەردەمی کۆمی یان نوقسانیی پەداویستییەکان لەدایک بووە و ڕەخنەیەکی یەکجار چاک و نایابی سەردەمەکەی بوو بە دیاریکراوی لە سەرمایەداریی پیشەسازی؛ بەڵام بە لەدایکبوونی سەردەمێکی نوێ، دادەمەزرێت و تەواو نەکراوە، و پێشبینییەکانی تەنیا یەکلاینەیی و جزئییانە بوون.» (٢)
«ئەگەر هێشتا بمانەوێت زیاتر لە دیدی مارکس تێبگەین، هەر ئاوهاش دەتوانین زیاتر لە هەڵە حەتمییەکانی پیاوێک فێر بێین کە نەدەکرا خەی لە بپارێزێت–کە هی سەردەمی کۆمی و نوقسانیی [ماتریالی] و تەکنۆلۆژیا بووە، کە بە دڵگەش بە وزەی کارەبا کاریان دەکرد–ئەمانەش توانای مارکسیان سنووردار کردبوو. لە ئێستادا ئەمە دەتوانین فەربین لەوەی چەندێک جیاوازی لە نێوان سەردەمی ئەمە و ئەوەی کە مێژوو بڕیاری کردووە هەیە؛ هەروەها ناسین و پێزانینی ئامادەیی ئەو ئیمکانیەتەی کە لە ئووی نوعییەتەوە هووبووەمان دەبەتەوە، کە چ جارێک لە پرسە دڵگەشەکان و شیکردنەوە و بڕکردەوەکردنیانی لەبەردەمماندا داناوە. ئەگەر بمانەوێت شۆشێک بکەین، نێک لەباربردنێکی دیکەی مێژووانە، دەبێت لە هەموو ئەمانەی ناومان هێنان بۆئاگا بین.» (٣)
لەم پەرگرافە بچووکەی بۆکچیندا، ناوەڕۆکی تێوانین و فکری بۆکچینمان بۆ دەردەکەوێت و ئەوەمان پێ دەڵێت کە «مارکسیزم»–بەو مانایەی کە بۆکچین لەسی تێگەیشتووە–ئایدیەلۆژیایەکی کۆنی سەردەمێکی مێژووییی دیاریکراوە؛ واتە «سەردەمی کۆمی و نوقسانیی ماتریالی و تەکنۆلۆژیا»، نێک میتۆدێکی زانستیی لەکەینەوە، شیکردنەوە و ڕەخنەگرتن لە بنەما تیۆریەکانی ئابووریی سیاسیی سیستەمی سەرمایەداریی بەرژوایی.

میتۆدی فکریی مارکس و ئینگڵس تەنیا ڕەخنەیەکی ڕووکەشانە و کاتی نەبوو لە سەرمایەداریی سەدەی هەژدە، بەڵکو بنەمای زانستیی کۆمەکبوونی سەرمایە، کاری کرێگرتە، هێزی کار، کاڵا، بەها، و بتپەرستیی کاڵا (Commodity Fetishism) بوو، کە لەسەر بنەمای فەلسەفەی «دیالەکتیک»ی هیگڵ و میتۆدی زانستی (Induction and Deduction / ئیستقرا و ئیستنتاج) داڕێژرابوو.
فەلسەفەیەی بەکچین لە بنەڕەتدا چاوپێشیکردنە لە خەبات بۆ ڕوخاندنی دەسەڵاتی سەرمایەداری و پێداگریی ناڕاستەوخۆیە لەسەر هەراركی و دەسەڵاتی دەوڵەت؛ هەروەها لەبەرچاونەگرتنی ئەوەیە کە سیستەمی سەرمایەداری بریتییە لە شێوازێکی بەرهەمهێنان و سیستەمێکی ئاڵۆز کە لەسەر بنەمای چەوساندنەوە و کۆمەکبوونی سەرمایە دامەزراوە.
ئەم فەلسەفەیە بڕوادانە بە خەباتێکی ڕیفەرمیستانەی بەرژوایی و فریودانی چینە چەوساوەکان بە سۆسیالیزمێکی خەیاڵی (یۆتۆپیایی)، لە ڕێگەی دەستەواژەی وەک: «یەکینەکانی گەل»، «ئینجومەنە خەڵیەکان»، «یەکینەکانی بەرگری و خۆپاراستن»، «یەکینەکانی ژنان»، «یەکینە هەرەوزییەکان»، و «کۆمۆنەکانی گەڕەک».
هەموو ئەم دەستەواژە جیاواز و فریودەرانە–کە بەگوێرەی بانگەشەکان بەیارە بتوانن چارەنووسی ژیانی ئابووری و سیاسیی کۆمەڵگە بگرنە دەست و دەستنیشانی بکەن–جارێک لە گەوجاندن و بەلادابردنی خەباتی چینی کرێکار و چەوساوەکانن، و خەڵکردنە چاوی جەماوەر لە ئاست سەرکوت و چەوساندنەوەی سەرمایەداران و دەوڵەتەکانیان. هەروەها هەوڵێکی نەزۆکانەیە بۆ دژایەتیکردنی سۆسیالیزمی زانستی و مارکسیزم وەک ئاڵای شۆڕشگێڕانەی خەباتی چینایەتیی پرۆلیتاریا.
بەبێ ئەم خەباتە سیاسی و ئابوورییە ڕێکخراوەی چینی کرێکار و تەواوی چەوساوەکانی کۆمەڵگە، مەحاڵە جەماوەری بەرینی چەوساوەی کورد بگەن بە ڕزگاریی یەکجاری و ئازادیی مرۆڤی کارکەر و ژنانی چەوساوە.
ئەنارکیزم–چ قوتابخانەی کرۆپۆتکین، باکۆنین، پرۆدۆن، یان ماری بەکچین بێت–هیچی تر نییە بەجگە لە فەلسەفەیەکی خەیاڵیی وردەبۆرژوایی بە ئاگرتن و هەشتنەوەی بنەما و سەرچاوەکانی چەوساندنەوەی چینایەتی.
مژووی خەباتی جیهانیی پرۆلیتاریا و ناوچەکەش ئەمەی سەلماندوە کە هەموو قوتابخانە جیاجیاکانی ئانارکیزم وەک: کرۆپۆتکین، باکۆنین، پرۆدۆن، مەرای بەکچین– لە قۆناغی دونە و ئەمڕۆی گۆشەی سەرمایەداریدا، هیچی تر نین بەجگە لە فەلسەفەیەکی خەیاڵی و وردەبۆرژوایی بەئاگرتن و هەشتنەوەی بنەما و سەرچاوەکانی

چوسانەوەی چینایەتی، وەکەمگا لە دۆخێکی ئاژاوەگێڕی و بەسەربەردا ئەهێنەوە، وە کۆشەی سەرکی ئەم سۆسیالیزمە خیانەتە لە پێسەی هەڵپەچان و بنبڕکردنی ؛ خاوەندارێتی تایبەتی و بنەما ئابووری و یاسایەکانی سیستەمی سەرمایەدارییە کە دەوڵەت بەرگەوتیان ئەبات.
هەروەها پێوەندیەی نێوان (دەوڵەت و شۆڕش) لە بۆچوونێکی چینایەتی پڕ لە ئاژاوەو و گەزاودا ئەهێنەوە، وە هیچ جۆرە ئاڵتەرناتڤێکی جەماوەری شۆشگێڕانەیان بە گەیشتن بە سۆسیالیزمی زانستی لە دەستووری کاردا نیە.
ئەم جۆرە لە سۆسیالیزمە خیانەتیەی ئانارشیستەکان، شانبەشانی تەواوی بۆچوون و دیدگا بۆرژوازیەکانی تری جیهانی لەبەرالیزمی نوێی سەرمایەداری دژ بە میتۆدی دیالەکتیکی و شۆشگێڕانەی مارکس ئاوەستنەوە، بە «ئایدیاڵیزایەکی کۆن» لەقەڵەمی ئەدەن؛ لە کاتێکدا میتۆدی لەکۆینەوەی دیالەکتیکانەی زانستی بە سەرهەڵدانی « خاوەندارێتی تایبەتی» و « سەرمایە»، و « هێزی کار» وەک دایکی هەموو کاڵاکان، وە « زەدەبەها»، ناتوانرێت بە ئایدیاڵیزیا ئاژمار بکرێن، بەکو بریتین لە ڕەخنەیەکی زانستی لە خودی بنەماکانی ئابووری سەرمایەداری، و لەسەر ئاو بناغەیە بنەما سەرکیەکانی ڕەبازی ڕزگاریی پرۆلیتاریا و توێژە چەوساوەکان ڕۆشن ئەکاتەوە.
ئامانجی سەرکیی ڕەوتی نوێی میانڕەوانەی ئانارکیستانەی عەبدوڵا ئۆجەلان ئاوەیە کە تەواوی ناوچە کوردنشینەکان–چ لە ئێران، عێراق، سوریا، یان تورکیا–بەرەو خەباتێکی ڤیفەرمیستانەی NGO بەرێت، لە ڕێگەی دەسەزیەکی درێژنانە و بۆرژوا لەبەرالیانە بە ژنان.
لەم نەوەدا تەواوی داموددەزگاکانی هەواگریی جیهانی و دەزگا ئەمنیەکان–لە پێش هەمووانەوە ئەمریکا، ئەوروپا، تورکیا، و ئیسرائیل–لە درێژەی پرۆسەیەکی درێژخایەندا بە دژایەتیکردنی کەمۆنیزمی ڕادیکاڵی مارکس، کار لەسەر شێواندنی هزر و هۆشی چینە چەوساوەکانی جیهان و بەتایبەت ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەکەن. شێواندنی ئەم هزر و هۆشە لە ڕێگەی بەکاوکردنەوەی بیروبۆچوونی ڕێگەزپەرستانەی ناسیۆنالیستی، تایفی، ئایینی، خرافات، و تێکدانی ڕیزی هاوپشتی و یەکگرتوویی چینی کرێکار و چەوساوەکانی ناوچەکەیە.
دروشمی «ژن، ژیان، ئازادی»–کە لە بنەڕەتدا هیچ بنەمایەکی چینایەتیی پرۆلیتاری یان کۆمۆنیستانەی نیە–بووەتە مشخۆرێکی لەبەرالەکان بە بەهێزکردنی ڕەوتی ناسیۆنالیزمی کورد.
ئەرکی بەرزکردنەوەی ئەم مشخۆرە چەواشەکارانەیە و ڕێکخستنی کۆمەڵکان و هێنانە سەرشەقامی جەماوەر (دواتریش دروشمی وەک «۱+۲=۲»)! لە ڕێگەی مانگرتنی گشتی و هەڵخاندنی هێستی جەماوەر

سەبارەت بە ژنان و بەسوودوەرگرتن لەم دروشمە لیبرالی و یەفرمیستییە، سپەردراوەتە دەست سەرانی حیزبە قەومییە کۆنەپەرستەکانی کوردایەتی، بۆتایبەت لە هەرەمی کوردستانی عیراقدا.
ئەو پێناسەیەی بەکچین و عەبدوڵا ئۆجەلان بە «ئازادی» دەیکەن، هەک هەمان ئەو ئازادییە بەرژوایییە کە کاتی خۆی لێنین خستیە ژێر ناخنی بەبزەییانەی خۆیەوە؛ هەروەک لە کتێبی «چی بکەین؟»دا دەڵێت:
«ئازادی وشەیەکی مەزنە، بەڵام لەژێر ئاڵای ئازادیی پیشەسازیدا سامناکترین جەنگەکانی تاڵانکردن و دەستبەسەرداگرتن بەرپا کران، و لەژێر ئاڵای ئازادیی کاردا، کرێکاران تاڵان کران. وشەی (ئازادیی ناخنگرتن)یش لە بەکارهێنانی ئێستایدا بە هەمان شێوە ئەم ساختەکارییە لەخۆ دەگرێت.»

-_____

(٢) گۆڤاری ئەدەبی مارکسیست . ل. ١٨ / وەرگێڕانی زاهیر باهیر
(٣) ل.١٩ « هەمان سەرچاوەی پێشوو.
(٤) لێنین « چی بکەین» (دەگماتیزم و « ئازادی ناخنە»)

سابیر. م
٢٠٢٦/ ١٠/ ٣٠

کتێب\ جینۆساید و ئەدەب.. تەها سلێمان

گفتوگۆیەکی ئەکادیمی لەگەڵ د. هێژار فەقێ سلێمان
ئامادەکردنی: تەها سلێمان

بۆ خوێندنەوەی ئەم کتێبە کلیکی ئێرە بکەن...

TahaSleman_GenosideDownload